راگەیاندنی ژمارە 5ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

## نارەزایەتی بەرینی خەڵکی سەردەشت لە دژی سەرکوتکاریەکانی رژیم لە مهاباد

رۆژی یەکشەممە لە سەعات 12ی نیوەڕۆوە خەڵکی سەردەشت بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی رژیم و بۆ پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی مهاباد، دووکان و بازاڕی شاریان داخست.

درەنگانی ئێوارە کۆبوونەوەی خەڵك لە گەڕەك و شەقامەکانی شار پەرەی سەند و خۆپیشاندانی جەماوەر بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مهاباد دەستی پێکرد و هێزی ئینتزامی بە زەبروزەنگ و تەقە کردن ویستی پێش بە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵك بگرێت، بەڵام هەتا درەنگانی شەو نارەزایی و خۆپیشاندانی خەڵك درێژەی کێشا. دوابەدوای ئەو خۆپیشاندانە هێزەکانی رژیم لە شەوی رابردووەوە حکوومەتی نیزامیان بەسەر شاردا سەپاندووە و بارودۆخی شار ئاڵۆزە. هێشتا هیچ هەواڵێك دەربارەی بریندار بوون یان کوژرانی خەڵك لەبەر دەستدا نیە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

**25-07-2005**

3-5-1383

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**